Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.8

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Sangar Nadhim Hussein
Sangar.nadhim@koyauniversity.org

RECEIVED :04 /11/2024
ACCEPTED :18/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# دەرکەوتەکانی"خود" لە ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"بەختیار عەلیدا

**سەنگەر نازم حوسێن /** بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، ز.کۆیە، هەرێمی کوردستان عێراق

**ڕزگار عمر فتاح/**بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، ز.کۆیە، هەرێمی کوردستان عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
پۆست کۆلۆنیالیزم، .
کلتور،
داگیرکەر و داگیرکراو،
خود،
ئەوی تر..

## پوختە

ڕۆمانی"داگیرکردنی تاریکی" بەختیار عەلی یەکێکە لەو ڕۆمانە کوردییە هاوچەرخانەی، کە گرنگییەکی زۆری بە بابەتی ناسنامەی تاکی داگیرکراوی کورد لە سەردەمی داگیرکاری داوە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا هەوڵیداوە بەسوود وەرگرتن لە مێژوی کارەساتەکانی سەد ساڵی ڕابردوو. وێنەی"خود"ی کۆلۆنیکراوی کورد و ئەوی تری کۆلۆنیکەر لە تورکیا بکێشێت. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکی ڕەخنەییەیانەی وردە لەپێناو دۆزینەوە و نیشاندانی ئەو وێنانەی خود(self) کە نووسەر لە دەقەکەیدا وێنەی کێشاون، هەروەها دیاریکردنی پێوەندی نێوان خودەکان و ئەو بنەمایانەی، کە وێنەکانیان لەسەر دامەزراوە یەکێکی دیکەیە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە. لە دووتوێی ئەمانەدا هەوڵماندا‌وە تیشک بخەینە سەر چەند جۆرێکی وێنەی خود.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1.پێشەکی:
### 1.1.پێشەکی

ئەدەب هەر لە دێرزمانەوە گۆڕەپانی دەرکەوتنی ململانێ چینایەتی و ڕەگەزی و زمانییە جیاوازەکان بووە و ئامرازێک بووە بەدەست نووسەرەوە بۆ گوزارشتکردن لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆی و ئەوانی تر، بۆیە هەمیشە خود و ئەوی تر وەکو دوو فیگەری جیاواز لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا بە تایبەتی لەناو ڕۆماندا ئامادەییان هەبووە.

ناونیشانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوە لەژێر ناونیشانی(دەرکەوتەکانی"خود" لە ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"ی بەختیار عەلیدا)یە.

سنوری توێژینەوە: لە چوارچێوەی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیی بەختیار عەلیدایە.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی میتۆدی ڕەخنەی پۆست کۆلۆنیالیزم کراوە. ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی ورد کار لەسەر ئایدۆلۆژییاکانی ناو دەقەکان و ئەو وێنانە دەکات، کە نووسەران لە دەقەکانیاندا لەبارەی کەسەکانەوە دەیکێشن، بە تایبەت ئەو دەقانەی لە سەردەمی داگیرکاری نەتەوەیەک لەلایەن نووسەرانی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکە و کۆلۆنیکەرەکە نووسراون، یاخود لەدوای ڕزگاربوونی نەتەوەکان لەژێر چەپۆکی داگیرکاری نووسراون و ماکی پرۆسێسی داگیرکارییان بەسەرەوەیە. ئەم میتۆدە پتر کار لەسەر ناوەرۆک و شێوازی ڕەنگدانەوەی مەعریفەی نووسینەکان دەکات، بۆیە هەوڵماندا لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەوە کار لەسەر وێنە جیاوازەکانی "خود" بکەین.

گریمانەی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر چەند گریمانەیەک کراوە:

1. ئایا لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا نووسەر توانیویەتی وێنەی تاکی کۆمەڵگاکەی بکێشێت؟
2. ئایا ئەو خودانەی، کە نووسەر نیشانی داون، چ جۆرێکن و لە چ ڕێگەیەکەوە خۆیان دەنوێنن؟
3.ئایا ئەم خودانە چ کارو کردەوەیەک ئەنجام دەدەن لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی ئەوی تر و پاراستنی کولتوورە نەتەوەییەکەیان؟

ئامانجی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا بە شێوازێکی ڕەخنەییانەی نوێ و بە پشتبەستن بەو چەمکانەی، کە ڕەخنەی پۆست کۆلۆنیالی کاریان لەسەردەکات، هەوڵدەدات وێنە جیاوازەکانی خودی کۆلۆنیکراو لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا نیشان بدات، ئەمەش هەنگاوێکی نوێیە لە شیکردنەوەی دەقی ڕۆمانی کوردیدا، کە پێشووتر کەمتر کاری لەسەرکراوە.

## 2. پێوەندی کولتووریی کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو بەپێی تیۆریی ڕەخنەیی پۆست کۆلۆنیالیزم:

پۆست کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی گشتی لە پێوەندی دوانەیی نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو و تۆڕی ئاڵوگۆڕیی نێوانیان دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدات بنەما و ماکەکانی ئەم پێوەندییە هەڵبسەنگێنێت تاوەکو گوتارەکەی خۆی لەسەر دابمەزرێنێت.

بە گشتی پێوەندی نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو جۆرە پێوەندییەکی باڵادەستی و ژێردەستەییە لە هەموو ڕووەکانەوە و "کۆلۆنیکەرەکان لە بەرهەمهێنانی گوتارەکانیاندا هەمیشە خۆیان بە باڵادەستتر بەرانبەر بە کۆلۆنیکراوەکان نیشاندەدەن، تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمیش وەکو بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەم مەیدانە جیا لەوەی لە گوتاری داگیرکاری و ئاڵوگۆڕیی کولتووری دەکۆڵێتەوە لە هەمان کاتدا ئەم گوتارە ڕەتدەکاتەوە."(زەند و نادر،2023: 418)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین، کە بیروڕای ڕەخنەگر و بیرمەندانی ئەم تیۆرە سەبارەت بە پێوەندی کولتووریی نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو جیاوازە و هەندێکیان دان بە بوونی پێوەندییەکی کولتووریی لەنێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراودا دەنێن و لە کاریگەرییەکانی ئەم پێوەندییە دەکۆڵنەوە بە پێچەوانەی ئەمەش هەندێکیان بەتەواوەتی ئەم جۆرە پەیوەندییە ئالوگۆڕییە ڕەتدەکەنەوە.

"ئیمێ سیزار" لە کتێبی "گوتارێک دەربارەی کۆلۆنیالیزم"(1955)گوتوویەتی: "هیچ چەشنە پەیوەندییەکی ئینسانی لەنێوان کۆلۆنیکراو و کۆلۆنیکەر لەگۆڕێدا نییە و تەنیا پەیوەندی لەئارادابوو، پەیوەندیی باڵادەستی و ژێردەستەییە، پەیوەندی دەسەڵاتدار و کۆیلەیە کە کۆلۆنیکەر دەکاتە نوێنەری پۆل، سەرپەلی سەربازی، پاسەوانی بەندیخانە و سەرپەرشتیاری

کۆیلەکان و کۆلۆنیکراو دەکاتە ئامێری بەرهەمهێنان."( بێرتێنز،2015: 352-353).بەمەش سیزار هەموو ئەو بانگەشانە ڕەتدەکاتەوە، کە دان بە بوونی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕیی کولتووریی و مرۆیی نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو دەکەن.

(فرانتز فانۆن)یەکێکە لەو بیرمەندە بەراییانەی، کە بە شێوەیەکی بنچینەیی قسەی لەسەر سروشتی پێوەندی نێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو کردووە و لەمەشدا بۆچوونێکی تاڕاددەیەک توندی هەبووە.

فانۆن لە کتێبی(ئەشکەنجەدراوانی سەر زەوی) سروشتی کۆلۆنیکەر شیدەکاتەوە و وایدەبینێت کۆلۆنیکەر سەرچاوەی توندوتیژی و تیرۆرە و سیستەمی خۆرئاوایی ڕەمزی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکاری کولتوورییە و سیستەمێکی سەنترالییە و لەسەر بنچینەی هێزی مەعریفە و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژیا دامەزراوە، ئەمەش لەپێناو باڵادەستی و کۆنترۆڵکردنێکی ماددی و مەعنەوی بەسەر خۆرهەڵات دروستبووە."(یوسف،2021: 52). فانون لە ڕوانگەی پشتبەستن بە ڕەخنەی ماتریالی و مارکسیزم هەوڵدەدات ڕاڤەی بارودۆخی نێوان کولتووری کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو بکات و بە هەموو شێوەیەک کولتووریی باڵادەست ڕەتدەکاتەوە و پەسەندکردنی ئەم کولتوورە کۆلۆنیکەرە بە بنەمای مانەوەی ئیمپریالیزم دادەنێت.

"فانۆن وایدەبینێت، کە کۆلۆنیکراو و کۆلۆنیکەر لە تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندییەکان گیربوون، هەروەها بێدەنگبوونی کۆلۆنیکراو جۆرە بێدەنگییەکی تەواوەتی نییە."(غبسون،2013: 34). بەو واتایەی، کە زوو، یا درەنگ نەتەوەی کۆلۆنیکراو خۆی لە کۆت و بەندی کۆلۆنیکەر ڕادەپسکێنێت، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک ئامرازی گرنگ دەستنیشان دەکات، کە یەکێک لەوانە پارێزگاریکردن لە کولتووری نەتەوەیی و زمانی نەتەوەییە.

کولتووری نەتەوەیی(بۆ نموونە ئەدەبیاتی نەتەوەیی وەک بەشێک لێی) لای فانون ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرە لەپێناو هاتنەکایەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی. ئەو لە کتێبی(ئەشکەنجەدراوانی سەر زەوی)لە بەشی(دەربارەی ئەدەبیاتی نەتەوەیی)دا زۆر بە چڕی قسەی لەبارەی شێواندنە کولتورییەکانی کۆلۆنیکەر کردووە، ئینجا ڕۆڵ و پێگەی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کۆلۆنیکراوی خستۆتەڕوو، کە پێویستە چ ڕێگەچارەیەک بگرنەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆلۆنیکەر و شکستپێهێنانی ئەو سەپاندنە کلتورییەی، کە مەبەستیەتی لەناو کۆمەڵگەی کۆلۆنیکراودا ئەنجامی بدات.(بڕوانە: فانون،1361: 33تا 45) .

کۆلۆنیکەر سەرەتا تەنیا لە ڕووی سەربازییەوە دەست بەسەر شادەمارەکانی کۆمەڵگەی کۆلۆنیکراو دەگرێت و دواتر بەهۆی کۆمەڵێک ئامرازی کولتوورییەوە بەردەوامی بە پرۆسەی داگیرکاریی خۆی دەدات و هەوڵدەدات کولتوور و زمانی نەتەوەی کۆلۆنیکراو بە تەواوەتی بسڕێتەوە و کولتووریی نەتەوەیی خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێک لەسەر نەتەوەی کۆلۆنیکراو باردەکات، بۆیە بەرهەڵستیکردنی کولتووریی نەتەوەی کۆلۆنیکراو پێش ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دێت، بە واتایەکی دیکە فانۆن ئیش لەسەر ئەو تێزە دەکات، کە ئەگەر مرۆڤ توانی کولتووریی نەتەوەی کۆلۆنیکەر لەناو دڵ و دەروونی بسڕێتەوە، ئەوا دەتوانێت زۆر بە ئاسانی کۆلۆنیکەر لەناو ماڵ و خاکی خۆی دەربکات.

بە بڕوای ئەو دەستگرتن بە کولتووری نەتەوەیی و پێداگری لەسەر مانەوەی شێوەکانی ئەم کولتوورە خۆی لە خۆیدا کارێکە کۆلۆنیکەر قێزی لێدەبێتەوە و وەکو جۆرە ڕۆحیەتێکی نەتەوەیی لێی دەڕوانێت، هەر چۆنێک بێت ئەم خەباتە وەکو خۆپێشاندان وایە بەرانبەر کۆلۆنیکەر.(فانون،1361: 52). لەمەشەوە فانون بەرەو ئەوە دەچێت، کە" کولتوور یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان بۆ شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە کۆلۆنیالیزم، لەو سۆنگەیەی کاریگەرییەکانی داگیرکاریی لە ناوچەی کۆلۆنیکراودا دوای بەردەوام و مانەوە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە فۆرمێکی کولتووریدا خۆی نیشاندەدات و کاریگەری دەکاتە سەر بونیادی کلتووری و شارستانی و ژیاری و بوارە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە، هەر بۆیە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کولتووری کۆلۆنیکەر پێویستە بنەمای کولتوورییە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگە بخرێنە کار و برەویان پێبدرێت."(یارئەحمەد،2021: 59-60).

کۆلۆنیکەر هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوکردنی کولتووری کۆلۆنیکراو و هێنانەپێشەوەی کولتووریی خۆیەتی، واتە دەیەوێت نیشانی بدات ئەو تاکەی داگیری کردووە سەر بە هەمان کولتووری خۆیەتی، بەڵام لە بنەڕەتدا شتەکە بەم چەشنە نییە و "جیاوازی نێوان ئەوەی ئینگلیزە، لەگەڵ ئەوەی دەبێتە ئینگلیز، یان جیاوازی ئەوەی ئەوروپییە لەگەڵ

ئەوەی دەبێتە ئەوروپی ئەو جیاوازییەیە، کە مەعریفە وەکو شـــێوەیەکی ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتی بەرهەمدێنێت، چونکە "ئەوەی دەبێتە ئینگلیز بەدڵنیاییەوە ئینگلیز نییە"(بامبرا،2016: 190).

فانۆن وەکو دەرونزانێکی شـارەزا زۆر بە چڕی قسـەی لەسـەر ئەم شـێوازەی پاکتاوی کولتووری کردووە بە تایبەت لە کتێبی(پێسـتی ڕەش، ماسـکە سـپییەکان)دا هەڵوەسـتە لەسـەر ئەوە دەکات. ئەو بەر لە هەر شـتێک دەیەوێت لە ڕێگەی زمانەوە قسـەی لەسـەر ئەو پێوەندییە کولتورییە بکات، کە لەنێوان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراودا هەیە. ئەو وایدەبینێت"هەر تاکێکی کۆلۆنیکراو(واتە هەر تاکێک کە بەهۆی مردنی ڕەسـەنایەتی کلتورە لۆکاڵییەکەی لە ناخیدا تووشـی گرێی خۆبەکەمزانی بووە)شـوێن و پێگەی خۆی بە سـەرنجدان لە زمانی نەتەوەی شـارسـتانیکەر(کۆلۆنیکەر) و ڕامان لە کولتووری(ناوەند=سـەنتەر)دەسـتنیشـان دەکات."(فانون،1355: 17). ئەم جۆرە پەیوەندییە کولتوورییە لەسـەر بنەمای لاسـاییکردنەوە دروسـتدەبێت و تاکی کۆلۆنیکراو هەمیشـە وەکو تاکێکی خۆبەکەمزان لەخۆی دەڕوانێت و کولتوور و زمانی خۆی بەرانبەر بە کولتوور و زمانی ئەوی تری کۆلۆنیکەر بە شـتێکی بێنرخ دادەنێت و هەوڵدەدات لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی زمانی نەتەوەی کۆلۆنیکەر خۆی وەکو تاکێکی نەتەوە کۆلۆنیکەرەکە نیشان بدات. ئەم لاساییکردنەوەیە شتێک نییە لەخۆوە هاتبێت و سروشتی بێت، چونکە بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو لەلایەن کۆلۆنیکەرەوە پیادەدەکرێت و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکرێت تا دەگاتە ئاسـتێک کۆلۆنیکەر هیچ پێگە و شـوێنێک بۆ کولتووری نەتەوەیی کۆلۆنیکراو ناهێڵێتەوە و خودی کۆلۆنیکراو دەگاتە ئاستێک، کە کولتووری نەتەوەیی خۆی فەرامۆش بکات و لەبری ئەوە کولتوورێک هەڵبژێرێت، کە لە حەقیقەتدا نامۆیە پێی، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنێکی سـەرپشـکانە نییە، بەڵکو بەسەریدا سەپێندراوە.

فانۆن لەم کتێبەدا بە ئاشکرا دەستی خستۆتە سەر ئەو برینە و بە ڕوونی ئاماژەی بۆ ئەم هەڵبژاردنە ناچارییە کردووە، کە تاکی ڕەشـپێسـت گیرۆدەی بووە و گوتوویەتی"ڕەشـپێسـت بیەوێت یا نەیەوێت ناچارە ئەو پۆشـاکە بپۆشـێت، کە سـپیپێسـت بۆی دوریوە.(فانون،1355: 34).کەواتە ئەوە کۆلۆنیکراو نییە، کە بە ئارەزووی خۆی دەسـت بۆ کولتووری نەتەوەیی کۆلۆنیکەر دەبات، بەڵکو کۆلۆنیکەرە هەژموونی خۆی بەسـەریدا دەسـەپێنێت، تاوەکو بیگۆڕێت بۆ ئەو کەسـەی، کە خۆی مەبەسـتیەتی، بە واتایەکی دیکە هەوڵدەدات لە ڕێگەی زەوتکردن و سـڕینەوەی کولتوورەوە تاکی کۆلۆنیکراو لاواز بکات و شـتگەلێک بخاتە زەینییەوە، کە چیتر بەلای بیری نەتەوەیی و کولتووری نەتەوەییدا نەڕوات، ئەمەش ئامرازێکە بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی داگیرکاری.

"فانۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕەشپێست کەسێکی لەخاچدراوە، هیچ ڕۆشنبیری و شارستانییەتێکی نییە و لە ڕابردوویێکی مێژوویی دوورودرێژدا ناژییێت و ئەم کەمووکورییانەش گرێی خۆبەکەمزانی بۆ بوونی(وجود) ڕەشـپێسـت دروستدەکەن و ئەم گرێیەش لای تەواوی ئەو نەتەوانە سـەرهەڵدەدات، کە بە ئەزموونی مردنی ڕەسـەنایەتی کولتووریی لۆکاڵییاندا تێدەپەڕن."(غبسـون،2013: 52). کەوابێ لەدەسـتدانی کولتووری نەتەوەیی لای تاکی کۆلۆنیکراودا سـەرئەنجام بە لەدەسـتدانی ناسـنامەکەی کۆتایی پێدێت و ئەو تاکە دەگاتە حاڵەتێک، کە جۆرە نامۆبوونێکی هزری و کۆمەڵایەتی تێدا دەردەکەوێت و هەسـت بە جۆرێک لە خۆبەکەمزانی دەکات بەرانبەر کولتووری کۆلۆنیکەر و هەموو شـتەکانی خۆی بە کەم و سـووک دێتەبەرچاو بەراورد بەمەش تەواوی کولتووری کۆلۆنیکەر وەکو شـتێکی پیرۆز سـەیردەکات و لە هەوڵی ئەوەدایە لاسایی ئەم کولتوورە بکاتەوە.

(ئێدوارد سـەعید)یەکێکی دیکەیە لەو بیرمەندە پۆسـت کۆلۆنیالانەی، کە قسـەیان لەم بوارە کردووە. سـەعید لە کتێبی(ڕۆژهەڵاتناسی)دا هێرشێکی توند دەخاتە سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا و وایدەبینێت، کە ئەو وێنەیەی ئیمپریالیستەکان بۆ وڵاتە کۆلۆنیکراوەکانی خۆرهەڵات کێشاویانە جۆرە وێنەیەکی شێواو و تەڵخە.

"سـەعید باس لەوە دەکات ناسـینی ڕۆژهەڵات ناکرێت بێتاوان و بابەتی بێت، چونکە ئەو مرۆڤانە بەرهەمیان هێناوە کە بە حەتمی ڕیشـەیان لەناو مێژوو و پەیوەندییە کۆلۆنیالییەکاندا داکوتاوە."(لومبا،2018: 68). لە ڕوانگەی ئەم بیرمەندەوە نرخ و بەهای کولتووری تاکی کۆلۆنیکراو شکێندراوە، لەمەشدا ئیمپریالیزم دەست بە داوێنی فەیلەسووف و ئەکادیمیست و نووسەر و شاعیر و ئەدەبیەکان بووە، واتە ئەو کەسانەی کە بەرهەمهێنەری مەعریفەی ڕۆژئاوایین هیچ کات و ساتێک

نەیانتوانیوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی وڵاتە ئیمپریالییەکانیان نیشان بدەن، بە پێچەوانەوە هەمیشە لە ڕێگەی نووسین و وتارەکانیانەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پاڵپشتی وڵاتەکانیان بوون بۆ داگیرکاری کولتووریی و هەمیشە وێنەیەی تاکی کۆلۆنیکراویان بەوە کێشاوە، کە کەسێکە لەڕووی هزری و کولتووری و جەستەییەوە لاوازە و پێویستە لەلایەن کەسێکی دیکەی ڕۆژئاواییەوە نوێنەرایەتی بکرێت.(بڕوانە: سەعید،2018: لاپەڕەکانی50، 145-147).

(هۆمی بابا)یەکێکی دیکەیە لەو بیرمەندە پۆست کۆلۆنیالیانەی، کە لە کتێبی(پێگەی کولتوور)دا قسەی لەسەر کولتووری کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو کردووە. بابا جیا لە بیرمەندانی پێش خۆی جۆرە تێزێکی نوێ پێشکەش دەکات و هەوڵدەدات جۆرە یەکسانییەک لەنێوان کولتوورەکان ڕابگرێت.

هۆمی بابا بە شێوەیەکی بنەڕەتی گرنگی بە ئاشکراکردنی ئەو دەقانە داوە، کە پەراوێزی کۆمەڵگایان لە جیهانی دوای داگیرکاری تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها پێوەندییە ئالوگۆڕیی و شاراوەکانی نێوان کولتوورە باڵادەست و ژێردەستەکانی ئاشکراکرد. یەکێک لە گرنگیپێدانە تایبەتییەکانی ئەو ڕێگەیەیە کە تێیدا ڕەچەڵەکە چەوساوەکان قسە لەبارەی ژێردەستەییەکەیان دەکەن."(کارتر،2018: 115). بەمەش بابا شتێک دێنێتە ناو توێژینەوە پۆست کۆلۆنیالییەکان ئەویش قسەکردن و گوزارشتکرنی تاکی کۆلۆنیکراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەوە، کە کۆلۆنیکەر خاوەنیەتی بە تایبەتیش زمان.

لە ڕوانگەی "بابا"وە، ڕووبەڕووبوونەوەی کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو هەمووکات لەسەر هەردوو لا کاریگەری دادەنێت."( بێرتێنز،2015: 354). بە واتای ئەوەی کۆلۆنیکەر هەرچەندە هەوڵدەدات کولتوور و ناسنامەی تاکی کۆلۆنیکراو بسڕێتەوە و کولتووری خۆی بەسەردا بسەپێنێت، بەڵام لەم کارەیدا بە تەواوەتی سەرکەوتوو نابێت، چونکە کولتووری کۆلۆنیکراویش بە چەشنێک لە چەشنەکان کاردەکاتە سەر کولتووری کۆلۆنیکەر و لە زۆر کاتیشدا هەوڵدەدات ئەو کولتوورە بگۆڕێت و دەستکاری بکات.

بابا چەند ئامرازێکی بۆ ئەم ئالوگۆڕییە کولتوورییە دەستنیشان کردووە یەکێک لەوانە لاساییکردنەوەیە."لە ڕوانگەی هۆمی باباوە لاساییکردنەوە تەکنیکێکی کەم تا زۆر نامۆ و دەستکاریکراوە، کە کۆلۆنیکراو بە ئارەزوو یان بە زەبر بەکاریدەهێنێت تا میتۆد گوتارەکانی کۆلۆنیکەر دووبارە(لاسایی)بکاتەوە."(شاهمیری، 1389: 195).تاکی کۆلۆنیکراو لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە دەتوانێت کار لە کولتووری کۆلۆنیکەر بکات بۆ نموونە دەتوانێت زمانی کۆلۆنیکەر وەربگرێت و باسی کێشە و نەهامەتییەکانی خۆی پێبکات، واتە دەقێک بە زمانی کۆلۆنیکەر بنووسێت، کە لە بنەڕەتدا دەقێکە دژ بەو کۆلۆنیکەرە نووسراوە.

### 3.ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی لە ئاوێنەی ڕەخنەی پۆست کۆلۆنیالیزمدا:

ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی(بەختیار عەلی)یەکێکە لەو ڕۆمانە کوردییانەی، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گرنگی بە چەند بابەتێکی وەک(خود، ئەوی تر، ناسنامە، زمان، پرۆسەی داگیرکاری، زەبروزەنگی کۆلۆنیکەر...)داوە و ئەم بابەتانەش یەکێکن لەو بابەتە گەرمانەی، کە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم خۆی پێوە مژووڵ دەکات.

(بەختیار عەلی)لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ(شاخەوان سدیق) لە وەڵامی پرسیارێکدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە تیمەی ڕۆمانەکە کردووە و گوتوویەتی:"ڕۆمانەکە ئیشێکە بۆ خوێندنەوەی هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان(کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیکراو- کۆلۆنیاڵ و کۆلۆنیزەکراو). پرسیارەکە لە خوێندنەوەیەکی سادەی هیگڵەوە لای من دەستی پێکرد، هیگڵ یەکەم فەیلەسوفە کێشەی(ئاغا و کۆیلە)دەکات بە کێشەیەکی بنەڕەتی فەلسەفە. پرسیارەکەی من ئەوە بوو(ئاخۆ کۆیلەی ڕەها بوونی هەیە، ئایا ئاغای ڕەها بوونی هەیە؟) وەڵامەکە ئەو ڕاستییە ترسناکەیە کە تاریق ئاکانسو هێدی هێدی هەستی پێدەکات، ئەو ڕووبەرەی دەبێت داگیری بکات لەوە فراوانترە کە سەرەتا تێیدەگەیشت. مەسەلەکە هەر داگیرکردنی زەمین یا بە کۆیلەکردنی ئینسانەکان نییە، بەڵکو جێگایەکی تاریک هەیە داگیر ناکرێت."(عەلی،2023: 96). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە نووسەر ئاگایانە دەستی بۆ بابەتێکی هاوچەرخ بردووە و ڕۆمانەکەی لەسەر بونیات ناوە،

بۆیە ئەم ڕۆمانە دەرفەتێکی باش دەداتە توێژەری توێژینەوە پۆســـت کۆڵۆنیاڵییەکان تاوەکو زۆرینەی تێز و چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەم تیۆرەی تێدا شیبکاتەوە و ئێمە لەم باسەدا تەنیا کار لەسەر تاکە چەمکێکی وەک(خود self)دەکەین.

## 4. خود:

یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی ڕەخنەی پۆســت کۆڵۆنیاڵی لێیدەکۆڵێتەوە خودە. "خود مانای دەروون دەگەیەنێت، کە بیرۆکە هەستی و نەستییەکان و ئەو هەڵچووونانە دەگرێتەوە کە واتای ئێمە کێین پێکدەهێنێت، لەگەڵ ئەو سۆز و هەستانەی، کە لە ڕێگەی کولتوور و هۆکارەکانیتر دروستبوون".(المزروعی،2007: 35). بە گشتی خود بەرانبەر ئەوی تر دەوەستێت و کۆڵۆنیکەر لەســـەر بنەمای کۆمەڵێک بنەما خودی خۆی بە شـــتێکی باڵاتر لەوەیتری بێگانە دەچەســـپێنێت و هەمیشـــە لە هەوڵی ئەوەدایە کۆڵۆنیکراو بە چەشنێکی بەرز و نموونەیەکی باڵا لەو خودە بڕوانێت و ئەم خودە هەموو شتە جەستەیی و ماددی و هزرییەکانی خۆی بە جیاواز لەوەیتر دادەنێت.

خود بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی منی مرۆڤ پێکدەهێنێت،"من پەیوەســـتە بە خود و پێچەوانەی ئەوی ترە، من کۆمەڵێک وێنە لەبارەی ئەوی ترەوە دەنەخشـــێنێت و ناچاری دەکات شـــوێنی بکەوێت، خۆی لە ســـەنتەر دادەنێت و ئەوی تریش لە پەراوێز"(الواج،2021: 41).بۆیە هەمیشە کۆڵۆنیکەر لە ڕێگەی خودی خۆیەوە ناسنامەی ئەوی تر دیاریدەکات.

خود هەمیشە لە پرسیار و بەدواداچوونی بەردەوامدایە و"دەپرسێت(من کێم؟) ئایا هەڵومەرجەکان منیان کردۆتە ئەمەی کە هەم؟ تاکایەتی تاکەکەس چ پێوەندییەکی لەگەڵ ناســـنامەی من وەکو ئەندامێک لە گروپێک(گروپێکی کۆمەڵایەتی)دا هەیە؟ ئەم(من)ەی، کە منم، ئەم(خودە)تا چ ئەندازەیەک هۆکارێکە، کە دەســـت بۆ هەڵبژاردن دەبات نەک هەڵبژاردنەکانی بەسەردا بسەپێنرێت؟(کالەر،2018: 244).

خود پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و قووڵی بە ئاگایی مرۆڤەوە هەیە و ئەو پەیوەندییەش لە ڕێگەی زمانەوە دروســـتدەبێت و وەک فۆکۆ ئاماژەی پێداوە لەسەر شێوەی گوتاردا خۆی دەردەخات.( شێخ شـەرەفی،2024: 44). بۆیە بۆ توێژینەوە و بەدواگەڕانی چۆنیەتی دەرکەوتنی هەر خودێک پێویستمان بەوە هەیە بۆ ئەو گوتارە بگەڕێینەوە، کە دەرخەری خودەکەیە.

## 5. دەرکەوتەکانی خود لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا

ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی" بەختیار عەلی پنتێکی فراوانی وێنەکێشـان و دەرخسـتنی ناسـنامەی تاکەکانە. نووسـەر بە شـــێوەیەکی بەرفراوان کاری لەســـەر نیشـــاندانی خودی کۆڵۆنیکراو"تاکی کورد" کردووە. ئەو خودانەی نووســـەر لەم ڕۆمانەدا بەرجەستەی کردووە لە باری سڕینەوە و دەستبەسەرداگرتن و توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی دان، کە دەتوانین لە خوارەوە نموونەکانیان دەربخەین.

ڕۆماننووس لە چەند شـوێنێکی ڕۆمانەکەیدا وێنەی خودی کۆڵۆنیکراوی لە چەند کەسـایەتییەکدا بەرجەسـتەکردووە. بە گشـتی ئەو خودە کۆڵۆنیکراوانەی نووسـەر دەریخسـتوون لە بارێکی کپ و ترسـناکدا دەردەکەون، بەڵام خودگەلێکن، کە ڕۆحی بەرەنگارییان تێدایە و بە نهێنی کار لەسەر بوون و کولتووری خۆیان دەکەن.

جەوهەر ســـیزار یەکێکە لەو خودە کۆڵۆنیکراوانەی، کە نووســـەر وەکو ڕەمزی پاراســـتنی کورد و زمانەکەی وێنەی کێشـــاوە، ئەو وێڕای قەدەغەکردنی زمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە هەوڵدەدات لە درەنگانی شـــەواندا کۆڕ ببەســـتن و لەگەڵ ئەندامانی بەشـــێک لە خانەوادەکان بە کوردی بدوێن. "گوێبگرە یەنار، ئێمە خەڵکی ئەم گوندە و خەڵکی هەندێک گوندی تریش، هەمووان نا، بەڵام هەندێک خانەوادە، شـــەو دەمێک ســـەربازانی تورک و جاســـوســـەکانیان دەخەون، هەڵدەســـتین و بۆ ســـەعاتێک یان دوو ســـەعات بێترس بۆ ئەوەی زمانەکەمان بیرنەچێتەوە قســـەی پێدەکەین، چیرۆکی پێدەگێڕینەوە، شـیعری پێدەخوێنینەوە، سـترانی پێدەبێژین".(عەلی،2020: 268). ئەگەر زمان فاکتەری سـەرەکی بوون و مانەوەی مرۆڤ بێت هەروەک ئەوەی(مارتن هایدیگەر)لە (نامەیلکەیەک ســـەبارەت بە هیومانیزم)دا دەڵێت: "زمانماڵی بوونە و مرۆڤ تێیدا نیشـــتەجێیە و بە شـــێوەیەکی کراوە ســـەر بەم حەقیقەتەی بوونە، کە پابەندە بە پاراســـتنی."( هایدجر،2015: 136). ئەوا ئەم خودە لە بنەڕەتدا خودێکە بە تەواوەتی ڕادەســـتی تورک نەبووە، کەســـێکە دەیەوێت

بەردەوامی بە زمان و کلتوور و بوونی خۆی بدات و لە هزریدا هیچ کێماســـییەک لە زمان و کولتوورەکەیدا نابینێت و بوونی زمان بە مانەوەی خودی خۆی گرێدەدات و زمان بە ماڵی بوونی خۆی دادەنێت و لە هەوڵی پارســـتنی ئەم ماڵە دایە.

سیزار نموونەی خودێکی کۆڵۆنیکراوی دنیادیدە و خوێندەوارە و لە گرنگی و بەهای دەستنووسە کوردییەکان تێدەگات و دەزانێت ســـامانێکن، ئەگەر بفەوتێن جارێکی دیکە دروســـتنابنەوە، بۆیە پلان دادەنێت بیانگوازێتەوە بۆ شـــوێنێکی ئەمین."گوێبگرە گریگۆریۆس، من هەندێک دەسـنوس و نوسـراو و بەیت و لاوک و گۆرانیو چیرۆکی کۆکراوەی کوردانم پێیە. ڕەنگە دوا بەڵگەی نوسراوبن لەسەر بوونی زمانەکە. لە کوردستان پارچە زەوییەک نەماوە ئینسان بێ ترس شتێکی تێدا بشـارێتەوە، تکایە ئەو شـتانەم بۆ هەڵبگرە، زۆری ویسـتوە تا گەیاندومن بە ئەسـتەنبوڵ."(عەلی،2020: 315). ئەم خودە هۆشـیارە دەزانێت کاتێک زمان تووشـی هەرەشـەی لەناوچوون دەبێتەوە باشـترین هۆکار بۆ پارێزگاریکردن لێی پاراسـتنی ئەدەبیاتی نەتەوەیی و میللی ئەو زمانەیە لەڕێگەی نووسـینەوە، بۆیە زۆر بە وریاییەوە لە هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو دەستنووسە کوردییانەیە، کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە شاردراونەتەوە و مەترسییان لەسەرە.

سـیزار لە هەندێک شـوێنی ڕۆمانەکەدا وەکو خودێک دەردەکەوێت، کە هێزێکی بەرەنگاربوونەوەی لەراددەبەدەری تێدایە و وەکو قەڵایەکی تۆکمەیە بەرانبەر کۆڵۆنیکەر، ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک کەســـایەتییەکی یۆنانی وەک گریگۆریۆس پرسیاری لێدەکات:"ها برای کوردم، پێمبڵێ بۆ هاتوویت بۆ ئەسـتەنبوڵ، تۆش وەکو کوردەکانی تر هاتوویت وەک دەنکە خوێیەک لە دەریای ئەســتەنبوڵدا بتوێیتەوە؟ گریگۆریۆس من نا، من تازە لەوە دەرچووم دەنکە خوێ بم، من بووم بە بەرد، چەنـد پێـامـدا بکێشـــن پـارچەم لێـدەبێتەوە."(عەلی،2020: 314).ئەم خودە خواســـت و ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆڵۆنیکەر وەکو ســـروشــتێک تێکەڵ بە بوونی بووە، کەســێکە هێندە لەژێر جەور و ســتەمی تورکاندا ژیانی گوزەراندووە وەکو بەردێکی لێهاتووە، کە هەتا لێیبدرێ و پێیدابکشـــرێ وردە پارچەی لێدەبێتەوە، جەوهەری خۆی لەدەست نادات، کەمدەبێتەوە، بەڵام لەناوناچێت.

ڕوویێکی دیکەی ئەم خودە هوشیارە لە کاروکردەوەی(لەیلا تەکین)دا دەردەکەوێت. لەیلا کچە کوردێکی جوتیارە و خەڵکی وانە، لە 1996دا عەلی ئیحسان ئاکانسۆی تورک ئەم کچە دەناسێت و زەماوەند دەکەن و دەگەڕێنەوە دیاربەکر و دوای دوو ســـاڵ لەیلا تەکین لەوە تێدەگات، کە عەلی ئیحســـانی تورک چ جۆرە پیاوێکە و  خۆی و باوکی چ کارەســـاتێکیان بەسـەر کوردان هێناوە، چ شـتگەلێکی لێ شـاردۆتەوە، بۆیە لێی جیادەبێتەوە."کیژەکە ئەگەرچی کیژێکی تەنیای گوندەکییە. جگە لەوەی بڵێت چیتر نامەوێت لەگەڵ کەســـێکدا بژیم ڕاســـتیی خۆی شـــاردۆتەوە و درۆی لەگەڵ کردووم هیچی تر ناڵێت.گریان و پاڕانەوە و داوای لێبوردنەکانی عەلی ئیحســـان ســـودێکیان نابێت، گەرچی پەیمانی دەداتێ گەر دەسـتی لێ بەرنەدات و بگوازنەوە بۆ ئەسـتەنبوڵ و ژیانێکی نوێ دەسـت پێبکات، بەڵام کیژەکە زۆر سـوپاسـی ڕەحمی خودا دەکات لەوەی پارســـتوێتی و لە پیاوێکی درۆزن منداڵی نەبووە، تکای لێدەکات داوای جیابوونەوەکە قەبووڵ بکات، چونکە بە پێچەوانەوە یان دەبێت هەڵبێت یان خۆی بکوژێت."(عەلی،2020: 546). ئەم خودە بە وەفایە بەرانبەر خۆی و نەتەوەکەی، هەست بە ئازاری تاکەکانی نەتەوەکەی لەژێر دەستی دەوڵەتی تورک و بنەماڵەی ئاکانسو دەکات، ئەو کەسێکە فریوی بە درۆ خواردووە، بەڵام کاتێک ڕاستییەکان دەزانێت بێ بێنەوبەردە دەست لەویتری ستەمکار بەردەدات و خۆی ناخاتە ژێر باری ئازاری ویژدانەوە. بە دەربڕینێکی تر لەیلا تەکین وەک خودێکی کۆڵۆنیکراو هەست بەو ئەرکانە دەکات، کە لەسـەر شـانیەتی بۆ پارێزگاریکردن لە کولتوور و فەرهەنگە نەتەوەییەکەی، ئەو کەسێکە نایەوێت لەپێناو حەزە تاکەکەسییەکانی ڕوو لە کولتووری خۆی وەربگێڕێت، نایەوێت بەردەوامی بە پرۆسـەی هاوسـەرگیری لەگەڵ کەسێک بدات، کە داشۆراوە لە هەموو تایبەتمەندییەکی مرۆڤایەتی و تاکە کارێک، کە شـارەزایە لێی سـێخوڕیکردنە بەســـەر ئەو چەوســـاوانەی، کە ناتوانن بە تورکی بئاخڤن و بە چەشـــنێک لە چەشـــنەکان کولتووری نەتەوەیی خۆیان لەپێشـــتر دادەنێن و نایانەوێت ڕادەستی ئەو کولتوورە بن، کە کۆڵۆنیکەر مەرامیەتی بەسەریاندا بسەپێنێت.

مەهدی تەرجومان نموونەیەکی دیکەی خودی کۆڵۆنیکراومان نیشـــان دەدات، کە بیرکردنەوەی ڕێک پێچەوانەی خودی تارق ئاکانسـوە. مەهدی کەسـێکە عەلی ئیحسـان ئاکانسـوی فێری کوردی کردووە و لە دوا سـاتی ئەرکەکەیدا زۆر بە

هێمنی ئەوەی لە ناخیدا گوزەردەکات بۆ عەلی ئیحسانی هەڵدەڕێژێت: "من وەک زۆر جار پێمگوتوویت، هەردوو زمانەکەم خۆشدەوێت، لەزەتێکی گەورە لەوە دەبینم یەک وشە، بە هەر دوو زمانەکە تامدەکەم، وەک ئەوە وایە شیرینییەک دووجار بخەیتە دەمتەوە و هەر جارەی تامێکی لەوەیتر خۆشـتر بدات. عەلی ئیحسـان زمانی تورکی زمانێکی جوانە، بەڵام زمانی کوردییش بۆ ئێمە ئەو زمانەیە گۆرانی پێدەڵێین و لەگەڵ خۆمان قسـەی پێدەکەین و لە ڕێگایەوە لە خودا دەپاڕێینەوە، هەندێک شـت هەن مرۆڤ تەنیا بە زمانی خۆی دەتوانێت بە دروسـتی و بێگرێ بیانکات، وەک گۆرانیگووتن، وەک پاڕانەوە، وەک بیرکردنەوە، وەک گریان."(عەلی،2020: 285). ئەم خودە هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی زمانی بۆ زمانی ئەوی تری کۆلۆنیکەر نییە، کەسـێکە هەسـت بەوە دەکات، کە زمانی تورکیش وەکو کوردی زمانێکی جوانە و ئەوەی وایکردووە لەبەرچاوی کوردەکان ناشـرین دەربکەوێت کاروکردەوەی هەندێک کەسـە، کە بە زەبری هێز و دەسـەڵات دەیانەوێت بەسـەر خەڵکانێکدا بیسـەپێنن، کە لە ئەزەلدا خاوەن زمانێکی دیکەن، بە دەربڕینێکی دیکە ئەوەی وایکردووە خودێکی کۆلۆنیکراوی وەک مەهدی تەرجومان بە ڕقەوە سـەیری زمانەکە بکات زەبر و زەنگی کۆلۆنیکەرە، ئەو زمانی کۆلۆنیکەری وەک هەر زمانێکی دیکە قبوولە، بەڵام بایی ئەوەندە هۆشـیاری هەیە، کە زمانەکەی خۆی لە پێش هەر زمانێکی دیکە دابنێت."من ئەگەرچی دەبینی ڕەوان تورکی قسە دەکەم، بەس کاتێک تورکی بەکاردەهێنم هەستی کەسێکم هەیە بە کەوچکێکی پیس نان بخوات. نا زەکی ڕەزا زمانی تورکی زمانێکی بێعەیبە، زمانێکی جوانە وەک هەر زمانێکی تری دونیا، گەر تورکەکان بە شـەق و زەبر بەسـەرماندا نەیانسـەپاندایە دوور نەبوو لەزەت لە فێربوونی ببینین، بەڵام دەوڵەتی تورک زمانەکەی بەو جۆرە بەسەرماندا سەپاند، وەک کەوچکێک لە پیسایی هەڵکێشیت و بیدەیتە دەست یەکێک و بڵێیت دەی هەر دەبێت بەوە نان بخۆیت."(عەلی،2020: 643-644). تورک لە دیدی مەهدیدا کەسـێکە لەبری ئەوەی کەسـانی دیکە ناشـرینی بکەن خۆی لە هەوڵی ناشـرینکردنی خۆیدایە، کەسـێکە زمانی گفتوگۆ نازانێت، ئەوەی هەیەتی دەیەوێت بەسـەر واقیعدا بیسـەپێنێت، ئەوی تریکە بیر لەوە ناکاتەوە هەموو قەدەغەکردن و زەبروزەنگێک دواجار کارەسـاتی لێدەکەوێتەوە و کەسـانێک هەن هیچ کاتێک دەسـتەوەسـتان نابن لە ئاسـت ئەم پێشـێلکارییە و بە تەواوەتی ڕادەستی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە نابن.

ئەم وەرگێڕە هەسـت بە گرنگی بوونی زمانی نەتەوەیی خۆی دەکات و خودێکە وێڕای هەموو بەربەسـتەکان نایەوێت دەسـتبەرداری زمانی دایکی ببێت و زمانی تورکی بۆ کورد بە پێوەندی نێوان زڕدایک و کوڕ دەچوێنێت."زەکی ڕەزا پەیوەندی ئێمە بە زمانی تورکییەوە، لە پەیوەندیی ئەو دایک و کوڕە دەچێت، وەک منداڵی خۆتت لێبسـتێنن و بڵێن لەبری ئەو زارۆی کەسـێکیتر بەخێوبکە...من گەرچی دەبینی ڕەوان تورکی قسـەدەکەم، بەس کاتێک تورکی بەکاردێنم هەسـتی کەسـێکم هەیە بە کەوچکێکی پیس نان بخوات."(عەلی،2020: 643).زمانی ئەوی تری کۆلۆنیکەر لای مەهدی تەرجومان هاوشێوەی دایکێکە بەزۆر کۆرپەکەی خۆی لێسەندرابێت و یەکێکیتری خرابێتە باوەشی، ئەو خودێکە باوەڕی بەوە هەیە، کە ڕاسـتە شـام شـەکرە، بەڵام وڵات شـیرینترە، بۆیەشـە تورکی هەرچەندە باش و پاراو بێت، بەڵام بۆ کوردێک هەر کوردی جوانتر و شیرنترە.

زەکی ڕەزا باکلان یەکێکی دیکەیە لەو کەسـایەتییانەی ناو ڕۆمانەکە، کە نوێنەری خودێکی کۆلۆنیکراوە. باکلان نوێنەری ناسـنامەیەکی بەتورککراوە، باوکی لەدوای کارەسـاتی دەرسـیم وەک یەکێک لەو هەزاران کوردەی بۆ شـاردنەوەی ئەو خودە لە زەبروزەنگی تورکان نەیهێشـتووە فێری زمانی کوردی ببن و لەسـەر نەریتێکی تورکانە پەروەردەی کردووە تا لە داهاتوودا سەروماڵی سەلامەت بێت و ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە تورکێکی ڕەسەنە دەچێتە ناو دەزگای میت و لە تورکان خراپتر ڕەفتار لەگەڵ کوردەکان دەکات، بەڵام ئەم خودە ساختەیە بەردەوام نابێت و هەمیشە هەست بە تاوان دەکات." لە منداڵییەوە باوکم فێری کردم چۆن وەک تورکێکی ڕەسەن دەربخەم، ئەو قسانە بکەم تورکەکان پێیان خۆشە. ڕۆژێک بووم بە میت بۆ ئەوە بوو خۆم لە خۆم بشارمەوە، بۆ ئەوە بوو فێڵ لە خۆم بکەم و بڵێم زەکی ڕەزا تۆ تورکێکی ڕەسـەنیت و لە تەشـکیلاتی ئیسـتیخبارات کاردەکەیت، بەوە لەبەرچاوی تورکەکان خۆم بە کەمتر نەدەزانی. ڕێکەوتی بکردایە و پێویسـت بایە کوردێک ئەشـکەنجە بدەین، گەرچی من سـەر بەو شـوعبەیە نەبووم، من ئەشـکەنجەم دەدا تا بیسەلمێنم من لە تورکەکان تورکترم. من کەس وەک شتێکی نزم سەیرم ناکات خۆم نەبێت.. بەڵام ڕاستی من بۆیە خۆم

نزم سەیردەکەم چونکە خۆم بە شتێک دەزانم ئەوە نیم، وەک شتێکی ڕاستەقینە لە مندا هەبێت و شاردبێتمەوە، وەک ئەوەی هەموو ژیانم دەمامکێکم لەسەردا بێت و نەتوانم دایبکەنم. عەلی ئیحسان گەر ئەو زمانە فێرنەبم ناتوانم دەمامکەکە دابکەنم."(عەلی،2020: 258). زەکی ڕەزا لە بارێکدایە، کە بەدەست گرێی خۆبەکەمزانی و تاوانەوە دەناڵێنێت، بە وتەی فانۆن خودێکە خاوەن پێستێکی ڕەش و دەمامکێکی سپییە، چونکە ناخی هەمیشە پێیدەڵێت تۆ ئەو کەسە نیت، کە خۆت دەنوێنێت، تۆ لە بنەڕەتدا خودێکی دیکەیت، تۆ لە ئەسڵدا کوردێکی بەتورککراویت و هەزاران ساڵ خزمەتی تورک بکەیت دواجار بزانن کوردیت وەکو کوردێک ڕەفتارت لەگەڵ دەکەن، تەنیا زانینی زمانی ئەوی تر بەس نییە بۆ ئەوەی ببیت بە نەتەوەیەکی دیکە. باکلان ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەست بەوە دەکات، کە ئەو خودێکە وەکو ئەکتەرێک وایە و ئەوەی دەینوێنێت جگە لە شانۆیەکی پووچ و بێمانا هیچی تر نییە و ئەو ناسنامە ساختەیەی بۆ خۆی دروستکردووە بۆتە هۆی داماڵینی هەموو شتە ڕاستەقینەکانی، باکلان بەدوای بانگی دەروونیی خۆیەوە دەڕوات، یا بە وتەی هایدگەر گوێی لەو دەنگە دەبێت، کە لە قوڵایی ویژدانییەوە بانگی دەکات بۆ دەرچوون لە بونێتی ناڕەسەن و هەنگاونان بەرەو ڕەسەنایەتی بوون. ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە بوونیدا بهێنێتەکایەوە، هەر ئەم هۆیەشە دواجار وایلێدەکات خۆی فێری کوردی بکات و لەو بارە دەربچێت و ببێتە خودێکی هۆشیار و ڕەسەن.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە خودە لە کەسایەتی عیسمەت ئۆکتای دا دەردەکەوێت. عیسمەت کەسێکە لە ناو گورگەبۆرەکاندا کاردەکات، بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت لەبری تورکی بە زمانی کوردی قسەدەکات و ئەو گۆڕانە لەناکاوە سەراپای ژیانی دەگۆڕێت و دەیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی و هەموو دەوروبەرەکەی حاشای لێدەکەن و دواجار ئەم پەتایەی عیسمەت بەناو تورکیادا بڵاودەبێتەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت.

عیسمەت نوێنەر و نیشاندەری خودێکی خۆبەکەمزانە. خودێکە فرچکی بە شیری تورک گرتووە. ئەو لە منداڵییەوە بێ ئەوەی هەست بەوە بکات لە ڕەگەزێکی دەرەوەی تورکە دایبابی وەکو تورک پەروەردەی دەکەن. عیسمەت دوای ئەوەی گۆڕانە زمانییەکەی تێدا ڕوودەدات هیچ کاتێک دڵخۆش نییە و هەمیشە لە بیری گەڕاندنەوەی ناسنامە بەتورککراوەکەی خۆیەتی."یەکەم شت بە خەیاڵیدا هات ئەوە بوو، چ ئابروچونێک دەبێت، گەر برادەرانی لە مەهەپە و گورگە بۆرەکان بزانن بووە بە کورد. دەبێت ژەنەراڵ هەقی سۆنای چۆن بیری لێبکاتەوە کاتێک بیستێت تورکی بیرچۆتەوە و زمانی ئەو خەڵکە کێوییانە قسەدەکات."(عەلی،2020: 54). ئەو زمانێکی وەک کوردی بە زمانی کێوی و بەربەرییەکان دەزانێت بەرانبەر بەمە تورک و زمانەکەی بە شتگەلێکی بەرز و پیرۆز دەزانێت و بەردەوام لە هەوڵی گێڕانەوەی ناسنامە تورکییەکەی و نەفرینکردنە لە خودە کوردییەکەی.

عیسمەت لە دەستپێکدا نایەوێت دان بەو ڕاستییە دابنێت و خۆی بە تورکێکی ڕەسەن هەژماردەکات بەتایبەت کاتێک لە ڕێگەی عەلی ئیحسان ئاکانسوی وەرگێڕ لەگەڵ وەزیری تەندروستیدا دەکەوێتە گفتوگۆ:"ئەی چیت دەوێت؟ دەمەوێ تورکی فێرببمەوە جەنابی وەزیر. ئێستا غەمگینیت کە تورک نیت؟ من هەر تورکم جەنابی وەزیر. ئەی دەزانیت ئەم زمانەی قسەی پێدەکەیت زمانێکی مردووە یان نا؟ بەڵێ دەزانم جەنابی وەزی. دەزانیت کەس نییە ئەم زمانە قسەبکات، لە تورکیاشدا بەس خەڵکی تورک دەژین. لە تورکیادا بەس خەڵکی تورک دەژین جەنابی وەزیر".(عەلی،2020: 92). عیسمەت ئۆکتای خودێکە حاشا لە زمانی دایکی دەکات و نایەوێت پۆشاکی تورکبوون لەبەر خۆی دابکەنێت، ئەو نازانێت، کە ئەو کوردێکی بەتورککراوە و ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێدەکات بەزۆر بەسەر خۆی و بنەماڵەکەیدا سەپێنراوە، ئۆکتای تەنانەت ڕۆژێک بەر لەوەی ئەو کارەساتەی بەسەر بێت بە چاوێکی ڕێز و خۆشەویستییەوە لەلایەن سەرۆکی گورگەبۆرەکان و خێزانەکەی سەیریکراوە، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە هیچ یەکێک نایەوێت لەخۆی بگرێت، ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە، کە تورک و دەوڵەتی تورک تا ئەو کاتە خودێکیان قبووڵە کە بە تورکی قسەبکات و تورکبوون و زمانی تورکی لەپێش هەموو شتێک دادەنێن، ئەوان لە دەرەوەی بازنەی تورکبوون و زمانی تورکیدا هیچ کەسێک بە مرۆڤ دانانێن.

عیسمەت ماوەیەکی درێژ باوەڕ بەم ڕووداوە ناهێنێت و وەکو خودێکی تورکپەروەر شانازی بەخۆیەوە دەکات و دروشمی تورکبوون دەڵێتەوە."خوێنی ئێمە خوێنێکی تورکییە. ئەوەی بە کوردی قسەدەکەین شتێکە بەسەرماندا سەپاوە،

دڵی ئێمە دڵێکی بێگەردی تورکییە."(عەلی،2020: 320).بەڵام ئەم پێداگرییە هیچ سوودێکی نابێت بۆی و هەمیشە لەلایەن تورکەکانەوە وەکو جانەوەرێکی نەخۆش و ترسناک سەیردەکرێت و چەندین جار هەوڵی کوشتنی دەدەن. عیسمەت دەرخەری خودێکی نەفرینلێکراوە لەلایەن تورکەکانەوە هەموو شتێکی خراپی بەرانبەر دەکرێت، بۆیە دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت، کە لە بنەڕەتدا دایکی کورد بووە و تا تەمەنی چوار ساڵان بە کوردی قسەی لەگەڵ منداڵەکانی کردووە هەست دەکات بوونەوەرێکە جیاوازە لە تورک. کاتێک خەبەری ئەوە بڵاوبووەوە عیسمەت بۆتە کورد خێزانەکەمان لەبەر یەک هەڵوەشا، باوکم دایکمی خستە ژێر فشارێکی گەورەوە، نەخۆشییەکەی ئەو هۆکاری ئەوە بوو نهێنیی زۆر دەربکەوێت، بەڵێ برای من. دایکم دانی بەوەدا نا ئەسڵ و فەسڵی خۆی شاردۆتەوە و نەیویستووە کەس بزانێت کوردە، ئەوە ترسناکترین هەواڵێک بوو لە ژیانماندا بیبیستین. دایکم گووتی دەمێک عیسمەت لە سکیدا بووە و تا بۆتە چوار ساڵیش بەردەوام بە نهێنی کوردی لەگەڵیدا قسەیکردووە.(عەلی،2020: 627).سەرەنجام ئەم بارە وایلێدەکات بەرەو کوردستانی عێراق سەرهەڵگرێت و لەوێوە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر شێوازی بیرکردنەوەی دێت و هەست بەوە دەکات، کە ئەو لە هەڵەیەکی گەورەدا بووە." ئەو ساڵانەی لە نێوان کوردەکانی باشووردا ژیا و لەگەڵیاندا نان و ژیانی بەشکرد زۆر جار لە خۆی دەپرسی، بۆ و لەبەرچی ساڵانێکی دوورودرێژ بێئەوەی هیچ کوردێکی بینیبێت یا هیچ کوردێکی ناسیبێت ڕقی لێیان بووە و خۆشی نەویستوون."(عەلی،2020: 706).

بەرانبەر بە عیسمەت ئۆکتای نووسەر وێنەی خودێکی دیکەی کۆلۆنیکراومان لە هەمان شێتخانەدا نیشان دەدات، کە دوای پەتاکە ڕاستەوخۆ دان بە بوون و خودیەتی خۆی دەنێت و بە دەنگی بەرز ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات. ئەم خودە لە کەسایەتی(پەریهان ئاکگویل)دا وێنەی کێشراوە."پەریهان نەیشاردبووەوە قێزی لە قسەکانی عیسمەت ئۆکتای دێتەوە و ڕقی لە گورگەبۆرەکانە و باوەڕی وایە ئەوەی هەموویان کوردی قسەدەکەن نیشانەیە خوێنی تورک لە دەمارەکانیاندا نییە. خانم ڕاشکاوانە گوتبووی ئەو بە ئەسڵ کوردە و لە خێزانێکی کورددا گەورەبووە و بە منداڵی دایک و بابی تەنیا کوردی قسەیان لەگەڵ کردووە ، بەرلەوەی لە ترسی تورکان زمانەکە لەنێو خۆشیاندا قەدەغەبکەن و هەموو شتێکی بیربچێتەوە. پەریهان گوتبووی هەموو ئەوانەی لێرەن، هەمو ئەوانەی ئەو واگرەیەیان گرتووە و تووشی ئەم پەتایە بوون کوردن و ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن زمانی ڕەسەنی خۆیانە. ئەوەی ڕوودەدات هیچ نییە جگە لە گەڕانەوەی ئینسانەکان بۆ زمانی خۆیان و هەر ئەوەشە دەوڵەتی تورکی ترساندووە."(عەلی،2020: 339). پەریهان نایەوێت وەکو کوردانی بەتورککراو پاساو و بیانوو بۆ ئەو بارە بهێنێتەوە، کە ئەو تورکە، بەڵام زمانی تورکی بیرچۆتەوە، ئەو بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەمە بیردەکاتەوە و ئەو گوتارە ترسنۆکانەیە ڕەتدەکاتەوە، کە کوردەکانیتر بۆ خۆپارێزی لە هەڕەشەی تورک پشتی پێدەبەستن، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە خۆی و کوردانی ئەویێ بەر لە قەدەغەکردنی زمانەکە کورد بوون و زمانی ڕەسەنیان کوردی بووە و ماوەیەک تورک ئەو زمانەی لێسەندوونەتەوە و بەزۆر تورکی بەسەریاندا سەپاندووە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی مەسخبوونێکی پەرجووئاساوە زمانەکە گەڕاوەتەوە نێویان.

دەگوترێت "هەر کاتێک گواستنەوە لە کولتووری سێنتەر بۆ کولتووری دەوروبەر زیادیکرد نامۆبوون زیاتر دەبێت و هەر کاتێکیش نامۆبوون زیادی کرد ئەوا بەرپەرچدانەوە، بەرگریکردن لە دژی نامۆیی و دەستگرتن بە کولتووری من(خود) لە دژی کولتووری ئەوی تر دەردەکەوێت"(الخلیل و حطاب،2018: 44).لەسەر ئەم بنەمایە لەم ڕۆمانەدا جۆرێکی دیکەی خودی کۆلۆنیکراو وێنەی کێشراوە، ئەویش خودی بەرگریکارە، کە لە هەندێک باردا پەنا بۆ ترساندن و شۆڕشی چەکداری و کوشت و کوشتاری ئەوی تری کۆلۆنیکەر دەبات. نموونەکانی ئەم جۆرە خودە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکە دوبارە دەبنەوە و هەندێک جار لە ناوی کەسایەتییەکدا هەستی پێدەکرێت و هەندێک جاریش کارەکتەرەکان هیچ جۆرە ناوێکیان نییە.

مامۆستا(مەتین بوستانچی)یەکێکە لەو خودە کۆلۆنیکراوانەی، کە نایەوێت ڕادەستی کۆلۆنیکەر ببێت و بەگژ بڕیارەکانی ئاکانسو و دەوڵەتدا دەچێتەوە و قوتابخانەیەک دروستدەکات تا لەبری تورکی خەڵک فێری زمانی ئاماژە بکات، بەڵام ئەمە لای دەوڵەت و ئاکانسو ڕێگەی پێنادرێت، بۆیە مەتینیش بڕیاردەدات ڕووبەڕوویان ببێتەوە." هەوڵی هێزە سەربازییەکە بۆ ئەوەی بە خۆشی مامۆستا ببەنە پێشدەم تاریق ئاکانسو شکستی هێنابوو. ئیتر لەگەڵ ئەلادین یازەچی

ئەفسەری بەرپرس لە هێزەکەدا بووبووە دەنگەدەنگی قورسیان و مەتین پەلاماری چەکی یەکێک لە سەربازەکانی دابوو و بوو بوو بە میل هێنانەوە و تەقەکردن و دەمودەست لەویادا ئەفسەرە تورکەکە بە گوللەیەکی مەتین گیانی لە دەستدابوو."(عەلی،2020: 231). ئەم وێنەیە خودێکی کۆلۆنیکراوی بەرگریکەرمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە دەیەوێت بە تورکەکان بلێت بوەستن، ئێمەش هەین، ئێمەش دەتوانین توندوتیژی بەکاربهێنین، بگرین، بکوژین، خۆرادەست نەکەین.

لەبەرئەوەی لەزۆربەی بارەکاندا کۆلۆنیکەر هیچ دەرفەتێکی ئاشتەوایی و دیالۆگ بۆ خودی کۆلۆنیکراو ناهێلێتەوە و ڕێگەنادات بە ئاسانی هەناسە بدات، بۆیەشە کاردانەوەی ئەم خودە هەمیشە لەسەر شێوەی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک دەردەکەوێت، فانۆن وەک بیرمەندێک ڕاڤەی ئەمەی کردووە. "بە بڕوای فانۆن بەرگری دژە کۆلۆنیالیستی ناچارە شێوازێکی توندوتیژ هەڵبژێرێت، چونکە توندوتیژی تاکە زمانێکە کە هێزە کۆلۆنیالیستییەکان لێی تێدەگەن."(یارئەحمەد،2021: 36). ئەم جۆرە خودە کۆلۆنیکراوە لەم ڕۆمانەدا دەرخراوە و کەسێکە جگە لە خەباتی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە بە ڕەوا نابینێت.

ئەم خودە کۆلۆنیکراوە بەرگریکەرە نەناسراوە، وەکو تارمایی لە تەمدا دەردەکەون و ئەوی تری کۆلۆنیکەر دەترسێنن، هەڕەشەی لێدەکەن، ئاگاداری دەکەنەوە وەک ئەو پێنج کەسەی، کە تووشی عەلی ئیحسان ئاکانسو دەبن و تەمبێی دەکەن." یەکێکیان چەقۆیەکی بچکۆلەی دەرهێنا و هاواریکرد عەلی ئیحسان دەستتم بدەرێ. عەلی ئیحسان بە ترسەوە دەستی بۆ درێژکرد و بینی پیاوەکە پەنجە گەورەی دەگرێت و توند دەمێ چەقۆکەی پێدادەهێنێت و برینداری دەکات. بینی خوێنێکی چڕی سوور دەڕژێتە سەر بەفرەکە. دڵی پڕبوو لە ترسێک پێشترهەستی وەهای نەناسیبوو، گوێی لێبوو یەکێکیان لە پەنا گوێیدا دەڵێت: عەلی ئیحسان، لێرە بڕۆ، ئەم جارە تەنیا ئاگادارتدەکەینەوە و دووەم جار تۆڵەی هەموو شتێکت لێدەکەینەوە."(عەلی،2020: 491).

نموونەیەکی دیکەی ئەم خودە بەرگریکارە لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە پێنج سوارچاکی کورد ڕێگە لە تاریق ئاکانسو دەگرن و بە ترساندن ئاگاداری دەکەنەوە."پێنج ئەسپسواری دەمامکدار هاتنە سەر ڕێگای تاریق ئاکانسو. پێنج پیاوی بە جەستە کەتە و بەخۆوە، هەر پێنجیان جلی جەنگاوەرانی کوردی سەردەمی جەنگی چیای ئاگریداغیان لەبەردا بوو، بێئەوەی بواری پێبدەن دەست بۆ تفەنگەکەی بەرێت، یەکەم فیشەکیان نا بە نێوچاوانی ئەسپەکەیەوە، ئەسپەکە بە سوارەکەی پشتییەوە بە لادا هات و کەوت...گوێی لێبوو یەکێک لە سوارەکان پێی گووت"ئاکانسو ناتکوژین، بەڵام جارێکی تر ڕوومەکەرەوە ئەم چیایە و مەیەرەوە ئەم گوندانە...(عەلی،2020: 427).

## 6. ئەنجام

– لەم ڕۆمانەدا خودەکان بە چەند چەشنێکی جیاواز و لە ڕێگەی چەند کارەکتەرێکەوە دەرخراون، کە زۆرینەیان لەبارێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیی و سەرکوتکاری و کپکردندان.

– نووسەر لە ڕێگەی دەستگرتن و پارێزگاریکردن لە زمانی دایکی چوارچێوەی بەشێک لە خودە بەرگریکارەکانی وێنەکێشاوە و جەوهەر سیزار نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە خودەیە.

– خودی میانڕەو لە کەسایەتی مەهدی تەرجوماندا وێنەی کێشراوە، کە خودێکە ڕق و کنە لەدل نییە بەرانبەر هیچ جۆرە کولتوور و زمانێک لەو کاتەی بە ئارەزوومەندانە سەرپشک دەکرێت.

– وێنەیەکی دیکەی خود لە ڕۆمانەکەدا خودی ڕاڕایە، کە لە کەسایەتی زەکی ڕەزا باکلاندا خۆی دەنوێنێت و بەدوای گەڕاندنەوەی ناسنامە ڕاسەقینەکەیەتی.

– عیسمەت ئۆکتای نوێنەری خودی خۆنەفرینکەر دەردەکەوێت، وەکو کوردێکی بەتورککراو لە هەوڵی گێڕانەوەی ناسنامە تورکییەکەیەتی، نەوەک ڕازیبوون بە ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆی.

– چەند کەسایەتییەک لەسەر شێوەی خودی بەرگریکاری توندڕەو لەم ڕۆمانەدا دەرخراوە، بەڵام هیچ یەکێکیان ناویان بۆ دانەندراوە.

–

## 7. سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی

**1.کتێب:**


- بێرتێنز، هانز(2015)بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی، و.عەبدولخالق یەعقووبی، چ1، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- سەعید،ئێدوارد(2018)ڕۆژهەڵاتناسی،و.د.موحسین ئەحمەد عومەر، چ1، ماڵی وەفایی، هەولێر.
- عەلی، بەختیار(2023)وەک دەریایەک پڕ لە نهێنی، چ1، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
- عەلی، بەختیار(2020)داگیرکردنی تاریکی،چ1، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی.
- کالەر،جۆناسان(2018)تیۆری ئەدەبی، و.سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چ1، ناوەندی فێربوون، هەولێر.
- لومبا، ئانیا(2018)کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، و.عومەر عەلی غەفوور، چ1، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- یارئەحمەد، ژیلوان لەتیف(2021)فرانز فانۆن و تیۆری داگیرکاریی ئیمپریالیزم،چ1، بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی ڕێچار.


**2.گۆڤار:**


- زەند و نادر، سیروان جەبار ئەمین(د)، کوردستان عەبدولوەهاب(2023)ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون وەک بنەمایەکی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی"هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربالدا،گ.توێژەر، بەرگی شەش، ژمارە یەک.
- شێخ شەرەفی، ئیدریس (2024) ناسیۆنالیزمی شیعر:لە خود-ئاگایی نەتەوایەتییەوە بەرەو نێوانخودێتی سیاسیی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی28، ژمارە5:3 https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.3


### بە زمانی عەرەبی و فارسی

**1.کتێب:**


- بامبرا، جيرمندر ك.(2016)اعادة التفكير في الحداثه، نزعة ما بعد الاستعمار و الخيال السوسيولوجي، ترجمة ابتسام سيد علام، حنان محمد حافظ،ط1، المركزالقومي للترجمة، القاهرة.
- الخليل و حطاب، سمير(د)و طانية(2018) دراسات الثقافية، الجسد الانثوي، الاخر، السرد الثقافي، ط1، دار ضفاف للنشر، الشارقة-بغداد.
- شاهميري،ازاده(1389)نظريه و نقد پسااستعماری، چ1، نشر علم، تهران.
- غبسون، نايجل سي(2013)فانون المخيلة بعد- الكولونيالية، ت. خالد عايد ابو هديب،ط1، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت.
- فانون، فرانتز(1355)پوست سياه و سورتكهای سفيد،ت. محمد امين كاردان، چ2، انتشارات خوارزمی، تهران.
- فانون،فرانتس(1361)دوزخيان روی زمين، ت.دكتر علی شريعتی، چ1، انتشارات نيلوفر، تهران.
- كارتر، ديفيد(2018)نظرية الادبية،ت.د.باسل المسالمه،ط2، دار التكوين، دمشق.
- المزروعي، فاطمة(د)(2007)تمثيلات الاخر في ادب ما قبل الاسلام، هيئة ابو ظبي للثقافة و التراث، المجمع الثقافي.
- هايدجر، مارتن(2015)الفلسفة، الهوية و الذات، ت.د.محمد مزيان، ط1، منشوارت ضفاف و الكلمه و دار الامان و منشورات الاختلاف، بيروت، لبنان.
- يوسف، عبدالفتاح احمد(2021)النقد الحضاري لخطاب ما بعد الكولونيالية، ط1، دار الروافد الثقافية-ناشرون، ابن النديم للنشر و التوزيع، وهران، بيروت.


**2.گۆڤار:**


- الواج، احلام(2021)تجليات الانا و الاخر في الادب اللفريقي، قراءة في رواية الافريقي ل"وليم كونتون" مجلة قضايا الادب، جامعة البويرة، المجلد السادس/العدد الثاني.

**Manifestation of Different Selves in Bachtyar Ali's Occupying the Darkness**

**Sangar Nadhim Hussein**
Kurdish Department, Koya University,
Kurdistan Region/ Iraq
Sangar.nadhim@koyauniversity.org

**Rzgar Umer Fattah**
Kurdish Department, Koya University,
Kurdistan Region/Iraq
rzgar.umer@koyauniversity.org

**Abstract**
Bachtyar Ali's "Occupying the Darkness" is a powerful contemporary Kurdish novel that grapples with the complex issue of identity formation under colonization. Set against the backdrop of decades of oppression and violence against Kurds in Turkey, the novel offers a nuanced portrayal of the colonized Kurdish individual and their struggle for selfhood. This study delves into the various manifestations of "self" depicted in the novel, including the "hesitant self", "moderate self", and the "assimilated self,". By examining these different facets of identity, the study aims to illuminate colonization's profound psychological and cultural impact on the Kurdish people.
**Keywords**: Post colonialism, Culture, Occupier, self and others

**تجليات الذات في رواية "احتلال الظلام" لبختيار علي**

**سەنگەر ناظم حسين**
جامعة كوية/فاكلتى التربية/ قسم اللغه الكردية و ادابها
اقليم كردستان/ العراق
rzgar.umer@koyauniversity.org

**رزگار عمر فتاح**
جامعة كوية/فاكلتى التربية/ قسم اللغه الكردية و ادابها
اقليم كردستان/ العراق
Sangar.nadhim@koyauniversity.org

**الملخص**
"احتلال الظلام" ل(بختيار علي) هي رواية كردية معاصرة قوية تعالج قضية معقدة تتعلق بتكوين الهوية في ظل الاستعمار. وعلى خلفية عقود من القمع والعنف ضد الأكراد في تركيا، تقدم الرواية تصويرًا دقيقًا للفرد الكردي المستعمر ونضاله من أجل تحقيق الذات. وتتناول هذه الدراسة المظاهر المختلفة لـــ "الذات" التي تصورها الرواية، بما في ذلك "الذات المترددة"، و"الذات المعتدلة"، و"الذات المندمجة". ومن خلال دراسة هذه الجوانب المختلفة للهوية، تهدف الدراسة إلى تسليط الضوء على التأثير النفسي والثقافي العميق للاستعمار على الشعب الكردي.
**الكلمات المفتاحية:** ما بعد الاستعمار، الثقافة، المحتل، الذات والآخر